# ئازادی لە دووڕیانی ململانێکاندا

## لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر چارەنووسی ئازادی و پەیوەست بوونی بە دیموکراسیەتەوە

ئیبراهیم ملازادە
Malazada86@hotmail.com

ئازادی گەورەترین بەهایە بۆ مرۆڤ، هەروەکو گەورەترین دەرفەتیشە بۆ ئەوەی تواناکانی خۆی دەربخاتو بیانکات بە سومبولی ئازادی. نەبوونی ئازادیش یەکێک لە پرسە هەرە ئالۆزەکانی ململانێ بوە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی. سەردەمی ڕێپێدان بە کۆیلەتیش یەکێکە لە خاڵە ڕەشەکانی مێژوو بە نێوچاوانی کەمینەیەکی دەسەلاتدار بۆ زۆرینەی بێدەسەلاتو ڕەنجبەر، لە ئاکامیشدا کۆیلە. ئەو کۆیلایەتیە هێندە ڕیشەی لە دلی مرۆڤە کۆیلەکان دارشتبوو تا ئەو ئاستەی کە نەتوانێ بە ئازادی بژی. بۆیە کە ئەبراهام لینکۆلن یاسای ئازادکردنی کۆیلەکانی دەرکرد، زۆرێک لەو کۆیلانە بە ئارەزووی خۆیان گەڕانەوە ژێر نیری کۆیلەتی. ئەمڕۆش ئەو کۆیلایەتیە لەزۆر سەرزەوی دونیا بە شێوازی تازە درێژەی هەیە، ئەگەر چی ئازادیش ڕووبەرێکی زۆری سەرزەوی گرتۆتەوە، بەلام ئازادی مەترسی پاشەکشێو سنووردارکردنیشی لەسەرە بەتایبەتیش دوای کۆمەلێک گۆڕانکاریو ڕووداوی تازە لە زۆر شوێنی دونیا. ئەو بابەتەش خوێندنەوەیەکە بۆ هزرو بیری کۆمەلێک فەیلەسوفو بیریاری ڕۆژئاوا، لەگەڵ بۆچوونە جیاوازەکانیانو ڕاوبۆچوونیان لەسەر ئێستاو داهاتووی ئازادی.

کێ بیر لە داهاتووی پەرەپێدانی هاوکاری بکاتەوە لە نێوان مرۆڤەکان، ڕێکخراوو دەزگا هەمەجۆرەکان، بە شێوەک لە شێوەکان تەنها بیر لە یەک ڕووی ئازادی دەکاتەوە. وەکو ئازادی ئابووری، ئازادی سیاسی، ئاینی، ئازادی کولتوری، یا ئازادی بە دیموکراسی کردن، یا هەر ئازادیەکی تر بێ. لە ئاکامیشدا دەبینین ئازادی لە ژێر پالەپەستۆ دایە. لە سالی 2003 دا سێ کتێب دەربارەی ئازادی کەوتنە بازارەوە. هیچ کامێکیش لەو نوسەرانە گەش بین نەبوون بە داهاتوو.

لە سالی 2000 و 2001 گەنجە دژە-گلۆبالیستەکانی وەکو نوسەرا کەنەدی (نائۆمی کلاین-Naomi Klein) لە کتێبی (نیشانەی جیاوازی-No Logo )دا هەروا ( نورینا هێرتز-Noreena Hertz ) ی بەریتانی لە کتێبی خۆیدا ( وەرگرتنێکی بێدەنگ ) هەموو سەرنجێکیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا. ئەوانە هێرشی ئاگرینی خۆیان ئاراستەی گلۆبالیزەکردنی ئابووری کرد، چونکە بە ڕای ئەوان گلۆبالیزە سەردەگرێ بۆ( مەک جیهانی Mc World-)(1)ی بۆ نمونە (ئۆتۆمۆبیلی خێرا) یا (کۆمپوتەری خێرا) یا (خواردنی خێرا) ئەوانە دیاردەی گلۆبالیزەن لە جیهانی ئەمڕۆدا . کە لەو حالەتەشدا ( نایک-Nike) و (میکرۆسۆفت-Microsoft)و (ئێم تێ ڤی-MTV) کە سێ کۆمپانیای گەورەو زەبەلاحن ئەوانە دەسەلات دەگرنە دەست نەک هاولاتیان. بەلام گلۆبالیستەکان زۆر چاوەڕوان نەبوونو بە خێرایی وەلامیان دایەوە. لە سالی 2002 دا گەنجی بریتانی ( فلیپ لێگراین Philippe

Legrain (جیهانی کراوەی-Open World) خۆی بە دونیا ڕاگەیاند لە کتێبی (حەقیقەت دەربارەی گلۆبالیزێیشن -The truth about globalisation). هەروەها (بژی گلۆبالیزە) لە نوسینی ( یۆهان نۆربێرگ -Johan Norberg) ی (نۆرویژی) ی هاوبیری خۆی کە هەردوکیان تێڕوانینیان بۆ گلۆبالیزە تێڕوانینێکی نەرێتی نیە. بە ڕای ئەوان لەم کاتانەدا تەنها بازاڕێکی ئازادی مۆندیالە سەردەگرێ بۆ جیهانێکی ئارامو خۆش. بیروڕاو پێشهاتەکانی دژە گلۆبالیزەو هەوادارانی  بە توندی تێک دەگیرێنو دەستەو یەخەی یەک دەبنەوە.

لە ڕاستیدا بۆ هەردو لایەن یەک وشە پیرۆزە ئەویش وشەی ئازادیە. بە ڕای دژە گلۆبالیزەکان، گلۆبالیزە هەڕەشە لە ئازادی خەڵکی جیهانی سێیەم دەکات. بە ڕای لایەنگرانی گلۆبالیزە، ئەوا گلۆبالیزە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک گەشە بە ئازادی دەدات.

## لە ڕەگو ڕیشە دەرهێنان

لەم ساڵانەی دواییداو  بەشێوەیەکی بەردەوام ئازادی لە خودی خۆیدا بابەتی چەند قسەبێژێکی خاوەن کتێبە، چونکە ئازادی ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە. ئەو مەترسیەش پێچەوانەی ئەو هزرەیە کە لایەنی دژە گلۆبالیزەو هەوادارانی لە کتێبە بەرچاوەکانیان باسی لێوە دەکەن. ئەوەش ڕای نوسەری ئەمەریکی فەرید زەکەریایە کە پێی وایە ئازادی هەڕەشەی لێ دەکرێ لەبەر گەشەسەندنی دیموکراسی. فەیلەسوفی فەڕەنسیش (ئالان فینکیلکراوت Alain -Finkielkraut) پێی وایە گەورەترین مەترسی لەسەر ئازادی لە جۆری بیرکردنەوەی دژە گلۆبالیزەکان دایە. هەروەها سۆسیۆلۆژی بریتانی بە ڕەگەز ئەڵمانی ( ڕالف دەهرێندۆرف Ralf -Dahrendorf ) پێی وایە ئازادی خۆی هەڕەشە لە خۆی دەکات، بەو مانایەی کە مەترسی لەسەر ئازادی لە ناو هەناوی خۆی دا دەست پێ دەکات.

( ئەندامی لۆردات) ی بەریتانی ( لۆرد ڕالف دەهرندۆرف - 1929) یەکێکە لە کۆنترین لیبرالیە ئەوروپیەکان، کە لە مێژ نیە کتێبێکی زۆر گرنگی لەو بارەیەوە دەرچوو بە ناوی ( گەڕان بە دوای نەزمێکی نوێدا - Auf der suche nach einer neuen ordnung) هەروەها لە ژێر سەردێڕی  ( بەرەو سیاسەتی ئازادی لە سەدەی بیستو یەکدا) کەواتە هەروەکو گوێ بیست  دەبین لە ( دەهرندۆرفی) لیبڕالی بێگومان بەرگری دەکات بۆ زیاتر ئازادی، نەک تەنها بۆ ڕۆژئاوا. ساڵانی داهاتو ئازادی زیاتر گەشە دەکاتو پێش دەکەوێ بۆ ئەوانەی کە هاوبەش نین لە خۆشگوزەرانی ڕۆژئاوا، بە ڕای ئەو هەر چەند ئازادی گەشە بستێنێ دەرفەتی ژیانی خۆشترو پێشکەوتوتر زیاتر دەبێ، ئەمرۆش گرنگترین بەخشیشی ڕۆژئاوا ئەوەیە کە ئەو دەرفەتە بە جیهانی سێیەم بدات بۆ زیاتر ئازادیو ژیانێکی سەفراز.

بەڵام ( دەهرندۆرف) بەردەوام دەبێو دەنوسێ، ئەو کارەش ئێستا ترسانکترین ئەرکە، چونکە ئەو هەژارەی کە یەکەم هەنگاو دەهاوێو دەچێتە پێشەوە بۆ پتر کردنی دەرفەتەکانی ژیانی خۆی، دەشکرێت هەنگاوێک بچێتە پێشەوە بۆ ئێشو ئازارێکی تازەو نوێ، کێ لە دەشتو پێدەشت گەمارۆدراوە بە دوبارەبوونەوەی بەردەوامی هەژاری، هەوڵی کۆچ کردن دەدات سەرەتا بۆ کوچەیەکی پیسو پۆخنی کۆڵانە قەڵەباڵغەکانی لێواری شارە گەورەکان، لەوێ هەموو تۆڕێکی کۆمەڵایەتی دەپچرێ، لەوێ تاوانو بێکاری سەرهەڵدەدات. چونکە ئەوەی ئێمە

که به ئاسانی پێی دەڵێین گەشەسەندنو پەرەپێدان، بۆ ئەوانەی سەرەوە لە قۆناغی یەکەمدا پرۆسێسی لە دەست دانی ئینتیمایە، پرۆسێسی لە دەست دانی رەگو ریشەیانە. لە ژێر ئەو بارودۆخەشدا  کە بارودۆخی لە دەست دانی ئینتیماو لە دەستدانی رەگو ریشەیە، ناسیۆنالیستو فەندەمەنتالیستە دێماگۆجەکان گەشە دەکەن، بەهێز دەبنو وزەی تازە بە قوربانیەکانیان دەبەخشن.

( دەهرندۆرف) پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، بۆ داهاتو هیچ رێگایەک نیە جگە لە رێگای ئازادی، ئەو رێگایەش واتە رێگای ئازادی لە جیهانی گلۆبالیزەدا زیاتر بەرەو مەترسی دەڕوات. گلۆبالیزە موتوربەی جیهان دەکاتەوە. هەموو پەیوەندیەکانی ترادیسیۆنو پێکهاتەکانی هەڵدەوەشێنێتەوە. کەس ناتوانێ لە دژی گلۆبالیزەی بەیەکەوە ژیان بوەستێ، کەسێکیش ئەو هێزە لە خودی خۆیدا نابینێ. بەم شێوەیەش دەرفەت زیاتر بەرەو واقیعی تر دەچێ ئەو واقیعەی کە گلۆبالیزە لە ناوەخۆیدا لێبدرێ، ئەمەش لە جیاتی زیاتر بەرەو ئازادی چوون. دەبینین هێشتاش تازە رژێمی دیکتاتۆری سەرهەڵدەدەن، بازرگانی سەرخۆشکەرەکانو رێکخراوی تاوان زیاتر لەسەر شانۆی جیهان بەدەردەکەون. بۆ ئەوەی دەربارەی تۆڕی تەرۆریستی  بێدەنگ بن. چونکە ئەو گروپانە زیاتر دەتوانن پشتیوانی لە شوێنکەوتوانیان بکەن، بەوەی کە گلۆبالیزە زەمینەی ئەو کارەیان زیاتر بۆ خۆش دەکاتو بە هێزتریان دەکات، هەروەکو زیاتریش دەردەکەونو دڵنیایی کۆمەڵایەتیشیان بۆ زیاتر دەبێ.

## __تۆتالیتاریزم__

هەروەها فەیلەسوفی لیبرالی  ئالین فینکلکراوت - Alain Finkielkraut ( 1949 ) بەو حەماسەتە گەش بین نیە، لە کتێبەکەی خۆیدا کە لە مێژ نیە وەرگێردراوەتە سەر زمانی هۆڵەندی ( ئەمرۆی تەواو نەبوو) ئەو پاریسیە وتە بێژە عەقلانیە نەخشەی تەنگژەیەکی تر ئاشکرا دەکات بۆ ئازادی. بۆ ئەو ئازادی لە یەکەم هەنگاوی‌دا ئازادی ڕادەربڕین، نوسین، خوێندنەوەو گفتوگۆکردنە. ئەو ساتە ئازادی مەرجێکە بۆ دیموکراسی. دیموکراسیەت مانای وایە ئازاد بیت، ئازادی بەو مانایەی کە هەموو شتێک قابیلی گفتوگۆ بێت، هەموو شتێکیش قابیلی پرسیار لێکردن بێ، لە سیستمی دیموکراسی‌دا شتێک نیە تا هەتایە مابێتەوە بێ ئەوەی نەخرابێتە ژێر پرسیارو گفتوگۆی لەسەر نەکرابێت، هەروەکو کەسیش نیە بزانێ دیموکراسیەت بەرەو کوێمان دەبات. دیموکراتە ڕاستەقینەکان مرۆڤی شارستانینو هەنگاویش دەنێن بەرەو گفتوگۆی دیموکراسیو ڕاگۆڕینەوە بەو مانایەی کە ئەوان هەموو شتێک نازاننو هەموو شتێکیش بە کراوەیی دەهێڵنەوە.

 ئەو ترادیسیونە بەڕای فینکلکراوت لە ژێر پاڵەپەستۆ دایە، بەتایبەتیش لە لایەن ئەو دژە گلۆبالیزانەی کە خێرا گەشەیان کردووە، داهاتوویێکی ڕوناکیشیان نیە. دیموکراسی لە ڕێی دەروازەیەکی دیاریکراو بەرەو داهاتوێکی دیارو ئاشکرامان دەبات، بەڕای ئەو  لە داهاتوێکی ئاوادا پێویستە دەوڵەتێک بۆ فەلەستینیەکان دروست بێت. کە بە داخەوە لە هزری ئەو بەرێزەدا پانتاییێک بۆ ئازادی گەلی کورد وجودی نیە. ئەمەش کێشەیەکە تا ئەو ساتە وەختەش کورد بوونی نیەو دیارناکەوێ، وێڕای هەموو ئەو قوربانیانەو ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی بۆ

وەدەستهێنانی ئازادی هێشتاش نە لە زیهنی فەیلەسوفەکانو نە لە زیهنی سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوادا بە حاڵیش پانتاییێکی بچوکیش داگیر ناکەن.
لە دواییدا غەرەزی خۆی لە ئەمەریکا دەڕێژێو دەڵێ: ئەمریکیەکان دەبێ هێشتاش بە شێوەیەکی بەردەوام لەسەر خۆبەزلزانینو خودسەری سزا بدرێنو لە پیشەسازی دەرمانسازی خۆیشیان داوودەرمان بە بێ پارە ببەخشنە قوربانیانی ئایدز لە ئەفریقیا. ئەو پێیوایە کە دیموکراسی یەکناگرێتەوە  لەگەڵ بەرنامەی چەپە دژە گلۆبالیزەکان، کێ لەگەڵ بیروڕای ئەو چەپانە کۆک نەبێ ئەوا لە دیدی ئەوانەدا مافی ئەوەیان نابێ گفتووگۆ لەسەر دیموکراسی بکەن.
ئەو پێناسە داخراوەی دژە گلۆبالیزەکان بۆ دیموکراسی وردە وردە جێ بەو پێناسە کلاسیکیە کراوەیە لەق دەکاتو لە هەموو لایەک گۆڕانی بەسەردا دێنێ. بەڕای فینکیلکراوت ئەمەیان مەترسییێکی گەورەیە. چونکە دیموکراسیەتێک کە گروپە مەزنەکان لە گفتوگۆ دووردەخاتەوە سەردەگرێ بۆ تۆتالیتاریزم.

## <u>زێدە ڕۆیی</u>

سەرنوسەری بەڕەگەز هیندی گۆڤاری ئەمەریکی(Newsweek) ی فەرید زەکەریا (1963) لەو بارەیەوە زێتر لە فینکیلکراوت دەڕوات چونکە بەڕای زەکەریا مەترسی لەسەر ئازادی لە خودی دیموکراسی دایە، دیموکراسی زۆر ڕۆیشتووەو لە سنووری ئاسایی خۆی تێپەڕی کردووە. لە هاوینی 2003 دا کتێبێکی زەکەریا کەوتە بازاڕەوە بەناوی (داهاتووی ئازادی).
ئەوەی شایانی باسە زەکەریا بە منالێکی عەبقەری دادەنرێ لە ناو بیریارانی ئەمریکی‌دا. بەڕای ئەوانەی دەوروبەری زەکەریا ئەو سەرنوسەرەی ئێستای نیوزویک دەکرێ ببێ بە یەکەم سەرۆکی مسوڵمانانی ئەمەریکا.  ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا ڕاوبۆچوونی خۆی بە توندی دەخاتە ڕوو پێشنیار دەکاتو دەڵێ: زێدەڕۆییو تاکڕەوی کاپیتالیزم لەگەڵ تێپەڕبوونی سەدەی ڕابردوو دەستەمۆ بوو پاشەکشێی کرد، زێدەڕۆیی دیموکراسیەتیش بە هەمان شێوە لە سەدەی بیستو یەکەمدا دەبێ دەستەمۆ بکرێ چونکە لە سنووری خۆی دەرچووە، جگە لەوەش کە زەبری کوشندەیشی پێکەوتووە. باشترین نمونەش ریفراندۆمی دیموکراسی بوو لە کالیفۆرنیا، ئەو نمونەیە نەک هەر دەسەلاتی‌دا بە (ئارنۆلد شوارزینگەر - Arnold Schwarzenegger) بەڵکو دەنگدەران دەیانزانی کە باجیشیان لەسەر کەم دەبێتەوە تا دەگاتە نزمترین پلەی خۆی. هەر لەبەر ئەوەشە شوارزینگەر ئامرازی ئابووری کەم لەدەست دایەو بە ئەستەم دەتوانێ کاروباری بەڕێوە ببات.
ئەو زێدەڕۆییەی دیموکراسی نەک هەر تایبەتە بە ئەمەریکا بەڵکو لە جیهانی دووەمو سێیەمیش چەندایەتی ریفۆرمی دیموکراسی بە شێوەیەکی ترسناک پاشەکشێی کردووە. چونکە لەو وڵاتانە مافی مرۆڤو گەشەی ئابووری تیانیە یا دەسەڵاتی یاسایی سەربەخۆ نیە، لەو حاڵەتەشدا بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی بەرەو ئاراستەیەکی ناساز دەڕوات. کێ دیموکراسی بە زۆر بسەپێنێ بۆ ئەوەی ئاستی ئازادی بەرز بکاتەوە، ئەوا دەرفەتی سەرەنجامی پێچەوانە زیاتر دەبێ. بۆ نمونە رژێمێک بە شێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردرابێ لە لایەن خەڵکێکی فەنەتیک یا فەندەمەنتالیست یا خەڵکێکی ئاسایی دز، دیموکراسیەتێکی ئاوا زێدەڕۆ هەڵبەت سەردەگرێ بۆ

نادیموکراسیەت‌و کورت هێنانی ئازادی. لێرەدا من تێناگەم دیموکراسی بۆ ئەو چ جۆرە سنوورێکی دەبێ بۆ دابنرێ. چ ڕێزێک بۆ ڕاو بۆچوونی دەنگدەران دیلێتەوە. یا مژدەی چ جۆرە ئازادیەک دەبەخشێ. لە لاییکی تریش ناحەقی ناگرم کە وا دەڵێ، چونکە زۆر ئەزموون هاتنە پێشەوە، یا لەوانەیە بێنە پێشەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەقینە مەترسی بن لەسەر ئازادی مرۆڤەکان.

## جلەوکێشییێکی مۆرالیست

ئێستا چۆن دەبێ؟ چەند نوسەرێک‌و چەند وەڵامییێکی تەواو جیاواز دەبینین. ئاشکرایە کە دژە گڵۆبالیزەو هەوادارانیشی بەو داواکاریە ئاسانەیان بۆ ئازادی‌و دیموکراسی زۆر قوڵ نەبوونەتەوە. چی بکەن؟ ئایا ئازادی هێشتا بەهایەکە بۆ ئەوەی لە پێناوی‌دا کۆشش بکەین‌و بەرگری لێبکەین؟ (دێهرندۆرف) پێی وایە دەبێ وابێ، چونکە (ڕووگە یا کۆمپاس)ی هەموو چاوێک ڕوو لە ئازادیە. بەڵام بەڕای ئەو ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر ڕێگا بۆ ئازادی ڕێگایە بۆ نادیاری، ڕێگایە بۆ نەبوونی دڵنیایی‌و متمانە. بۆ ئەوەی ئازادی بە هێز بێ‌و بەرامبەر هەڕەشەکانا لەسەر پێی خۆی بوەستێ بەڕای دێهرندۆرف پێویستە ئامۆژگای هوشیاری بینا بکەین، جیهانێکی موتوربەکراو دووبارە جلەوکێشییێکی مۆڕالیستی گەرەکە. ئەو جیهانە بێ وێستگەیە لە بەرزاییێکی دیار بانگ دەکات بۆ پشودانێک لەو شوێنەی کە دەتوانێ بارگەی لێ بێخێ‌و هێزوو تواناییێکی تازەی پێ بدرێ.

بۆ هەژارانی جیهانی سێیەم (بە تایبەتیش بۆ گەلی ستەمدیدەی کورد) ئازادی پێویستە، وێڕای تواناییێکی زۆر بۆ خۆڕاگرتن. لە هەرکوێیەکیش بێ دەبێ مۆتیڤەکانی خۆیان بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئارەزووەکانی خۆیان گەشە پێ بدەن. سەرەتا دەبێ بێکاری زۆر کەمبکرێتەوە، پارە پاشەکەوت بکرێ‌و بخرێتە کارو پرۆژەی بەرهەمهێن زیاد بکرێن. ئینجا نارەزایی خۆیشی لە مۆنۆپۆل کردن دەخاتە ڕوو دەڵێ: شێوازێکی ئاوای ژیان کاتێ کە لە لایەن هەڵمەتێکی ڕێکلامی گڵۆبالیزە دیاردەکرێ، پشتیوانی لێناکرێ.

ئەو چارەسەرەی کە فەرید زەکەریا باسی لێوە دەکات زۆر لە هی دێهرندۆرف دوورتر دەڕوا. لە دوا بەشی کتێبەکەیدا ( لاڕێبوون ) بەرگری لەو بیرۆکەیە دەکات کە دەڵێ دیموکراسیەت لە پاشەکشێ دایە، چ لێرەو چ لە جیهانی سێیەم. بەو شێوەیە دەبێ ڕۆژئاوا لە داهاتووداو لە مەسەلەی سەپاندنی پرۆسەی بە دیموکراسی کردن زۆر وریاو ئاگادار بێ، ئەو وتارەکەی بۆ جیهانی سێیەمیشەو پێیوایە دەبێ ئاگاداری دیموکراسیەتی خۆیان بن. هەموو ئەو شوێنانەش کە پەرەپێدان‌و خۆشگوزەرانی تیادا نیە دەبێ ببنە هۆی ئەوەی کە ئەوان ( وڵاتە دیموکراسیەکان) زۆر بە توندی دەست بە دیموکراسی خۆیانەوە بگرن. بە تایبەتیش لە لایەن ئەو ناوچە زیندوانەی کە خۆیان لە دیموکراسیەتێکی ڕاستەوخۆ دەدزنەوە، بۆ نمونە ڕۆژهەڵاتی ناڤین. ئەو پێی وایە لەو وڵاتانە دەسەڵاتی یاساو دەزگای سوپا هەریەکەو بە سەر بەخۆیی کاردەکەن. لە وڵاتە هەژارەکان وەزارەتەکانی دارایی‌و ئابووریش دەتوانن ئەوە بکەن. ئێستا بۆ ئەو ڕێکخراوە حکومیانە ئەستەمە ئابوریەکی بە توانا بەو خێراییە بەرەو پێش ببرێت. بۆ ئەو بەرهەم هێنانە چاوەڕوانکراوەش کە لە ڕێی خەزێنەی دەوڵەتەوە دەبێ تا ئەمرۆ زۆر لە

ئەزموونەکان وا پیشا دەدەن کە ئەو خەزێنانە هەمیشەو بە بەردەوامی تاڵان دەکرێن. زەکەریا پێی وایە ئازادیو دیموکراسی نرخیان دەویو دەبێ تەنها بۆ دیموکراتان بە جێ بهێڵرێ. هەشتا ساڵ لەمەوبەر ڤۆدرۆ ویلسۆن سەرۆکی ئەوسای ئەمەریکا بە ئومێد بوو جیهانێکی بێ هەڕەشەو گوڕەشە بۆ دیموکراسی بێتە کایەوە. ئەمڕۆ یەکێک لەو شوێنکەوتە چاوەڕوانکراوانەی ئەو هەمان گرفت دێنێتەوە پێش، بە ڕای ئەو ئێستاش دەبێ ئومێدەوار بین بۆ دیموکراسیەتێک کە مەترسی بۆ جیهان دروست نەکات.

## گەلی کورد لە چاوەڕوانی ئازادیدا

ئەگەر لە جیهانی پێشکەوتوودا لە دیدی (دێهرندۆرف) ئازادی پێویستی بە مۆڕاڵ بێ چونکە ڕێگاییێکە بۆ نادیاری ئەوا لە هەموو حاڵەتێکدا چاوی مرۆڤی کورد لە هەموو چاوێک زیاتر ڕووی لە ئازادیە، ئازادی بۆ ئەو نەتەوەیە وەکو خوێنی لەش وایە. دیموکراسیەتیش چ جای ئەوەی کە ئازادی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ ڕێک دەخاتو بەر لە زێدەڕۆیی ئازادی دەسەڵاتداران دەگرێ لە دژی هاوڵاتیان یان بە مانای مۆڕاڵ پێ بەخشینی، لە هەمان کاتیشدا بەشێکی بنەڕەتیو چارەنووس سازە لە خەباتی ڕەوای ئەو نەتەوەیە. چونکە گەلی کورد هەمیشە قوربانی ستەمو خودسەری نادیموکراتان بووە، بۆیە دیموکراسیەت لە هەموو حاڵەتەکاندا بە تایبەتیش لە حاڵەتی بەیەکەوە ژیان لەگەڵ ئەو گەلانەی کە زۆربەی جاران زۆرینە پێک دەهێنن لە چوارچێوەی جوگرافیا دەسکردەکان زامینێکە ئازادی پارێزەو ماوەی دەرفەتی گەیشتن بە داخوازیە نەتەوەییە شەرعیەکان گەورەتر دەکات.

ئازادی بەڕای من تاکە زامینێکە بۆ ئازایەتی مرۆڤو پێشکەوتنی. بۆیە هەر کاتێ ئازادی نەبێ لە شوێنیدا کۆیلەتی بە هەموو نەخۆشیو گیروگرفتەکانیەوە هەڕەشە لە بەهرەو توانا بێ سنوورەکانی مرۆڤ دەکات. نەبوونی ئازادیش لە کۆمەڵگای کوردی بە تایبەتیش لە سەدەی ڕابردوو، کاریگەرییێکی تەواوی لەسەر مرۆڤی کورد بە جێهێشتوە. بۆیە تا ئەو ساتەش مرۆڤی کورد لە دووڕیانی ئازادیو کارکردنەوە هەنگاو ناهاوێ، بەڵکو لە ئەنجامی کارەکانی ئەویدیدا کاردانەوەی دەبێو تا ئەمڕۆش نە خاوەنی بیرێکی نەتەوەیی ئازادەو نە خاوەنی ستراتیژێکی نەتەوەیی سەربەخۆشە. هەڵبەت ئەوەش وای کردووە داگیرکەرانی کوردستان کار لەسەر درێژەپێدانی ئەو بارودۆخە نائاسایو ناسازە بکەنو لە بری بیرکردنەوە لە ئازادی ئابووریو تەکنۆلۆژیو سەربازیو کارکردن لەسەر چەمکە هەنوکەییەکانی دونیای مۆدێرنە، هێشتا سەرقاڵی ئەوەیە کە باسی بکرێو کونێکی بچکۆلە لەو دیوارە ڕەشەی داگیرکردن ببێ بۆ ئەوەی خەڵکی دونیا ببینن، پێیان بڵێن ئێمەش هەین. بەڵام تا ئەو ساتەش دونیا هەر بڕوای وایە کە ئەوان نین. ئەوەش لە ئاکامی ئەو کەسایەتیە شێواوەی کە مرۆڤی کورد هەیەتیو تا ئەو چرکە ساتەش یەک ڕاوبۆچوونو یەک هەڵوێست نین لەسەر وەدەست هێنانی ئازادی. (2)

---

(1) "مەک هێمایەکە بۆ مەکدۆناڵد بەو مانایەی هەموو شتێک شێوەی مەکدۆناڵد وەربگرێتو هەموو جیهان بگرێتەوە" .

(2) ئەم بابەتە بەرلەوەی دەسکاری بکەمو لێیزیاد بکەم، لە گۆڤاری گوڵان ژمارە (509) بڵاو کراوەتەوە.